زانکۆی سەلاحەدین

کۆلیژی زمان

بەشی کوردی / قۆناغی سێیەم

ڕەخنەیی تیۆری

م. بابەت: م. سۆران مامەند عەبدوڵڵا

بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)

## چەند هەوڵێک بۆ پێناسەکردنی رەخنە:-

مەبەست لە پێناسەکردنی هەر شتێک ئەوەیە ئەو شتە بخرێتە ناو چوارچێوەیەک و بەهۆی ئەو پێناسەکردنەوە لە ڕێگای دیارکردنی چییەتی شتە پێناسەکراوەکە، ئەو شتە بناسرێتەوە، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتیش بۆ ئەو بابەتانەی بەردەوام لە ئارادان و لە چوارچێوەی هەر قۆناغێکدا بیروراو بۆ چوونی جیاوازیان لەبارەیەوە دروست دەبێ. دیارە رەخنەش یەکێکە لەو بابەتانەی دەکەونە ناو چوارچێوەی ئەم جۆرە بابەتانەوە.

جا ئەگەر بمانەوێ هەوڵێک بدەین بۆ پێناسەکردنی رەخنە، دەبێ هەر لەسەرەتاوە دەرک بەو راستییە بکەین، کە هەوڵەکەمان نامان گەیەنێتە پێناسەیەکی تەواو و یەگجارەکی بۆ رەخنە، بەڵکو تا ڕادەیەک لەسنوری ئەو کۆمەڵە پێناسانەدا دەمێنێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو لە روانگە و تێڕوانینی جیاوازەوە بۆ رەخنەکراوە. بۆیە ئاوردانەوەیەکی مێژوویی لەو پێناسانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێناسەکردنی رەخنە کارێکە و شان بەشانی گۆڕان و پەرەسەندنەکانی ئەدەب هەر بەردەوام بووەو وادیارە هەر بەردەوامیش دەبێت.

- جارێ پێش ئەوەی بچینە بواری پسپۆری و سەرنج و بیرورای لێکۆڵەر و شارەزا و رەخنەگران بەسەر بکەینەوە و ئەو بیرورا جیاوازانە بخەینە ڕوو کە بە درێژایی مێژووی رەخنە لەبارەی رەخنەوەهاتوونەتە ئاراوە، پێویستە ئەوە بزانین کە لەبەر ئەوەی سیستەمێک لەبیرکردنەوە لای هەموو مرۆڤێک هەیە، ئەو سیستەمەش پەیوەندی نییە بە پلەی خوێندەواری و ئاستی رۆشنبیری کەسەکان، بەڵکو هەموو مرۆڤێک بەخوێندەوار و نەخوێندەوار دەگرێتەوە. ئەو سیستەمە کە مرۆڤەکان ئیشی پێ دەکەن جۆرێک لە پێوەریان لا دروست دەکات کە پشت ببەستێت بەبوونی نموونەیەکی زەینی لە مێشکی ئەو مرۆڤەدا ئەو نموونەیەش بەردەوام لە هەوڵی بەرجەستەکردن دایە، بۆیە لە رێگەی

ئەم هەوڵانەوە بنەڕەتێک پەیدا دەبێت کە تیایدا هەڵبژاردن دێتە ئەنجام، واتە هەڵبژاردنی دانەیەک لەناو چەندین دانە و دیارکردنیەتی.

ئەو هەڵبژاردنەش بەرەو ئەوە دەچێت نزیکترین نموونەی هاوشێوەی نموونە زەینیەکە بدۆزێتەوە کە تیایدا بەپێی ئەمە هاوکێشەیەک لەناو مێشکدا دروست دەبێت، لە جەمسەرێکدا نموونە زەینییەکە وەک پێوەرێک ئامادە دەبێت و لە جەمسەرەکەیتریشدا نموونە هاوشێوەکەی دەبێت. کە لێرەدا جیاکردنەوەی ئەم دووانە گرینگترین بنەڕەتی ئەنجامدانی ڕەخنەمان پیشاندەدات. دیارە ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات پڕۆسەی هەڵبژاردنەکە چۆن بەڕێوەدەچێت و ئەنجامدانی کردەوەی هەڵبژاردنیش هەر خۆی لە خۆیدا مانای جیاکردنەوەی دانەیەکە یان زیاتر لە دانەکانی تر و پەسەندکردنی بەسەر ئاوانی تردا. کە ئەمەش بەپێی ئەم بەهایانە دەبێ کە لەلای هەر یەکێکمان هەیە و پڕۆسەکەی پێ ئەنجامدەدەین کە وەک سەرئەنجام لە فۆڕمی پەسەندکردنی شتێک بەسەر شتێکی تردا دەردەکەوێت. بۆیە لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە ڕەخنە بەمانا سادەکەی و لەدەرەوەی بواری پسپۆری شتێکە و لەناو هەموو مرۆڤێکدا هەیە.

- ئەگەر لەڕووی مانا فەرهەنگییەکەوە بەدوای پێناسەیەکدا بگەڕێین بۆ ڕەخنە دەبینین ئەم زاراوەیە(Criticism) کە لەبنچیەندا لە وشەی(krino) ی لاتینیەوە هاتووە، مانایەکی دیاریکراوی هەبووە، ئەویش موحاکەمەکردن ، وەیان موناقەشەکردن بووە. جا ئەگەر لەمانای هەردوو وشەکە ووردبینەوە دەبینین بەردەوام شتێک لە ئارادا هەیە، ئەویش ساغکردنەوە و یەکلاکردنەوەی شتێکە یان مەسەلەیەکە لەسەر بناغەی جیاکردنەوەی دوو شت و گەیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو.

هەر لەبارەی مانایی ئەم وشەیە  رایەکی تر هەیە بۆ ئەوە دەچێت کەمانایەکی تری ئەم وشەیە دیاری کردنی کەم و کوڕی و لایەنی خراپی شتەکان دەگرێتەوە دواتر مانای ئەم وشەیە گۆڕانی بەسەر داهاتووەو لە پاڵ دیاریکردنی لایەنی کەم و کوڕی لایەنی چاکیشی گرتۆتەوە. دوای ئەمەش وەک پەرەسەندنێکی تری گۆڕانی ئەو مانایانەی لەخۆوەی گرتووە گۆڕان بەسەر جۆری بەهاکاندا هاتووەو ئەگەر لەسەرەتادا تەنها بەهای خراپ و چاکی گرتبێتەوە لەهەنگاوێکی تردا بەهای ناشیرین و جوانیشی گرتوتەوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بیزانین ئەوەیە کە رەخنە لەسەرەتادا بایەخی بەلایەنی رەوشتی دەدا و بەهاکانیش لەمەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام دواتر بەپێی ئەو پەرەسەندنەی پرۆسەی رەخنەگرتن بەخۆوەی بینی جۆری بەهاکانیش گۆڕانیان بەسەر داهات تا وای لێهات تەنها پشت بە بەها رەوشتیەکان نەبەستێ، بەڵکو بەها جوانکارییەکانیش ببنە پێوەرێک لەپێوەرەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی رەخنەگرتن. دەبێ ئەوەش بڵێین کە جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە بەهایە کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو زۆرجار بەناو یەکداچوونێک لە نێوانیاندا دەبینرێ وادەکات تەواو لەیەکتر جیاکردنەوەیان کارێکی گران بێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە وشەی (نقد) لای عەرەب دەبینین بەمانای (دراو) یان پارە هاتووە، ئەم پارەیە لە کانزایەک  دروست کراوە کە بریتی بووە لە مس یا زیو یا زێر...تد. کە دروستیش کراوە قاڵبێکی هەبووە کانزاکەی تێکراوە و چەند دانەیەکی لێ دەرچووە. دواتر پێویستیان بەدانەی تر هەبووە قاڵبێکی تریان دروستکردووەو دانەی تریان لێ گرتۆتەوە. دیارە قاڵبی دووەم بە قاڵبی یەکەم چووە، بەڵام کت و مت و لەسەدا سەد وەک قاڵبی یەکەمیش نەبووە، عەرەبەکان لەسەرەتادا وشەی (نقد) یان

بەمانای جیاکردنەوەی دراوی رەسەن لە دراوی نارەسەن بەکارهێناوە تا لە سنووری بەکارهێنانی دراو دەرچووە و بۆ جیاکردنەوەی هەموو شتێکی رەسەن لە نارەسەن بەکارهاتووە.

مانایەکی تر لەو مانایانەی وشەی (نقد)ی بەرامبەر بەکارهاتووە ئەوەیە بەمانای دیاریکردنی لایەنی خراپ و کەم و کورتی بەکارهاتووە، واتە لەسەرەتادا دیاریکردنی مانا سەلبییەکەی گرتۆتەوە، ئینجا لە هەنگاوێکی تردا لە پاڵ دیاریکردنی لایەنی خراپ لایەنی چاکیشی گرتۆتەوە، دوای ئەمە لایەنی ناشیرین و جوانیشی چۆتە پاڵ تاوەکو لێکۆڵەر و رەخنەگران مانای ئەم وشەییەیان وەرگرت و وەک زاراوەیەک بەکاریانهێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی بۆ دیاریکردنی لایەنە جیاجیاکانی دەقەکە بەخراپ و چاک و ناشیرین و جوانیەوە.

وشەی (رەخنە) لای کوردیش بەهەمان ئەو هەنگاوانەدا رۆیشتووە کە وشەکانی تری لای گریک و عەرەب پیایدا رۆیشتوون. هەر لەمانای فەرهەنگیەوە تا گەیشتوونەتە ئەو مانایەی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا لەخانەی زاراوە ئەدەبییەکەدا وەریانگرتووە. جا ئەم وشەیەش لای کورد لەسەرەتادا مانا سادە و رووتەکەی لایەنی سەلبی و خراپی گرتۆتەوە، دیارە لێرەدا هێنانەوەی ئەم رایەی (عەلائەدین سەجادەی) بەرامبەر بەو مانایەی وشەی رەخنە گەیاندوویەتی راستی ئەو بۆ چوونەی سەرەوەمان بۆ دەسەلێنێ کە تیایدا دەڵێ کاتێک کورد دەڵێ رەخنەم لێگرت وەک ئەوە وایە بڵێ (عەیبەم لێگرت)، کە دیارە ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە ئەم وشەیە لەسەرەتادا تەنها دیارکردن و پیشاندانی کەم و کورتی گرتۆتەوە ئینجا ماناکەی فراوان بووەو تەنها خۆی نەبەستۆتەوە بەدیارکردنی لایەنی خراپ، بەڵکو لایەنی چاکیشی گرتۆتەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وشەی (رەخنە) وەک وشەکانی تری میللەتانی تر دوای ئەوەی لەسنووری مانا فەرهەنگیەکە چووە دەرەوە و وەک زاراوەیەکی ئەدەبی بەکارهات ماناکەشی پەرەی سەند و مامەڵەکردنیشی لەگەڵ بەهاکاندا گۆڕاو وایلێهات لەچوارچێوەی هەر قۆناغێکی مێژووییدا بەپێی تیروانین و بیروڕاو چێژو زەوقی رەخنە گران هەر جارەی بە هایەک، یان زیاتربکەنە پێوەری ئەنجامدانی پڕۆسەی ڕەخنەگرتنیان.

جاری وا هەیە هەوڵدراوە پێناسەکردنی رەخنە لەناو پڕۆسەی رەخنگرتندا بکرێت. لەم ڕووەوە چەند پێناسەیەک بۆ رەخنە کراوە و هەرجاریّ شتێکی لەبارەی رەخنەوە بۆ دەرخستووین. پێناسەیەک لەسەر بناغەی دیاریکردنی بەهاکان بۆ ئەوە دەچێت، کە ڕەخنە( حوکمدان)ە، و ئەرکی دیارکردنی بەهای دەقەکەیە و دەستنیشانکردنی لایەنی خراپ، یان چاک، لایەنی جوان یان ناشیرینی دەقە ئەدەبیەکەیە.

دیارە دیارکردنی لایەنی چاک یان خراپی دەقەکان لە ڕێگای حوکمدان لەناو رەخنەدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە قۆناغێکدا حوکمدان بەمانای پشت بەستن بەو پەیڕەو و دەستوور و رێسایانە هاتووە کە ئەرستۆ لەکتێبی پۆیەتیکا (هونەری شیعر) دیاری کردبوون. جا بۆیە ئەم جۆرە رەخنەیە ناوی (رەخنەی پێوانەیی) لێنرا. واتە پێوانەکردنی دەقە ئەدەبییەکان بە پێودانگی ئەو رێسایانەی ئەرستۆ دایناو.

هەر لەچوارچێوەی پڕۆسەی رەخنەگرتندا پێناسەیەکی تر هەیە بۆ ئەوە دەچێت کە رەخنە (لێکدانەوە) واتە تەفسیرە لێرەدا رەخنەگر بەدوای ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێ کە لەپشت ماناکانی دەقەکەدا خۆیان حەشارداوە و بۆ گەیشتن بەو مانایانە رووەدەکاتە بارودۆخی سەردەم و ژیانی تایبەتی و ژینگەی خاوەن دەق و لایەنی کارلێکردن و کارتێکردنی نێوانیان دیاری دەکات و کەناڵەکانی سەرچاوەی بەکارهێنان لای شاعیر

یان نووسەر دیار دەکات و زۆرجار لەم ڕێگایەوە ماناکانی دەقەکە لێک دەداتەوەو دەست لەسەر مانا شاراوەکان دادەنێت و هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەقائدی و ئایدۆلۆژی و...تد، دیاردەکات و لە ڕێگایانەوە دەقەکە تەفسیر دەکات.

دیارە لێرەدا رەخنەگر راستەوخۆ حوکم لەسەر چاکی یان خراپی دەقەکە نادات و بە ئەرکی خۆی نازانێت، چونکە سروشتی کارەکەی لەچوارچێوەی لێکدانەوەو تەفسیرکردن پێویست بەمە ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ هەست بەبوونی جۆرێک لە حوکمدان دەکەین ئەمەش کاتێک رەخنەگر رادەی سەرکەوتنی خاوەن دەقەکە دیاردەکات لە رێگای دەست نیشانکردنی رادەی داهێنانی هونەری دەقەکە یان پێچەوانەکەی. بەمانای ئەوەی رەخنەگر راستەوخۆ بڕیار لەسەر چاکی یان خراپی دەقەکە نادات، بەڵکو ئێمەی خوێنەری دەق ئەمە دەدۆزینەوە لە رێگای هەستکردنیان بەبوونی جۆرە پەسەندکردنێک یان پێچەوانەکەی لەمیانەی قسەکردنی لەسەر دەقەکە.

جاری وا هەیە هەر لەناو پرۆسەی ئەنجامدانی رەخنەوە بەپێی دوورونزیکی دەقەکە لە رەخنەگر دوو جۆر پێناسە بۆ رەخنە دروست دەبێت. جۆرێکیان پێی دەگووترێ (رەخنەی خودی) و ئەویتریان پێی دەگووترێ (رەخنەی بابەتی). کەواتە بەپێی ئەمە دوو جۆرە رەخنە هەیە کە بەپێی جیاوازی بیروڕا و بۆچوون و تێڕوانینی رەخنەگران سەبارەت بەچۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی رەخنەگرتن دوو بۆچوون دێتە پێشەوە، بۆچوونێکیان لەگەڵ (رەخنەی خودی) ئەوە دایە کە رەخنە دەبێ خودی بێت و بۆچوونەکەی تر بەپێچەوانەوە بۆ ئەوە دەچێت کە رەخنە دەبێ بابەتی بێت.

جا بۆ ئەوەی لە هەردوو جۆری رەخنەکە تێبگەین و لایەنی چاک و خراپی هەریەکەیان دیاربکەین پێویستە بزانین چەمکی هەریەک لەرەخنەی خودی و بابەتی چ دەگەیەنێت و وەک ئەنجامیش پێویستە بە چ شێوەیەک رەخنە بگیرێت.

ڕەخنەی خودی بەمانای ئەوە دێت کە ڕەخنەگر کاتێک بەرامبەر دەقێکی ئەدەبی دەوەستێت ڕەخنەکەی لەسەر بناغەی هەستی تایبەتی خۆیەوە بنیات دەنێت. جا بەپێی هەستکردنی بەچاکی یان خراپی، جوانی یان ناشیرینی دەقەکە ڕەخنەکەی بنیات دەنێت. لێرەدا ئەوەی پشتی پێ دەبەستێت تەنها هەستە تایبەتییەکانی خۆیەتی و پەنا ناباتە بەر هیچ زانست و زانیارییەک کەلەدەرەوە وەریگرتبێت. بەمانای ئەوەی بەپێی پێوەرە ناوەکییەکانی خۆی کە بەپلەی یەکەم هەستە تایبەتییەکانی پێکی دەهێنێت و دەیکاتە تاکە پێوانەیەک بۆ کارە ڕەخنەییەکەی.

هەرچی ڕەخنەی بابەتییە ئەوا ڕەخنەگر بەپێی پێوەرە دەرەکییەکان ئیش دەکات و خۆی لە هەست و خۆی لەهەست و سۆزەوە بەدوور دەگرێت و ئەو پێوەرە دەرەکییانەش سەرچاوەکانیان ئەو زانست و زانیارییانەییە کە ڕەخنەگر لە دەرەوەی خۆی لە ڕێگای جیاوازەوە وەریان دەگرێت و وەک پێوانەیەک کاریان پێ دەکات و پرۆسەی ڕەخنەگرتنەکەی پێ ئەنجام دەدات.

ئەوەی ڕاستی بێ هەردوو بۆچوون لایەنی چاک و لایەنی خراپی هەیە. لەلایەنە چاکەکانی ڕەخنەی خودی ئەوەیە کە خود ڕەگەزێکی سروشتییە لە پرۆسەی ڕەخنەگرتن، چونکە لەلایەکەوە ڕەخنەگر مرۆڤێکی زیندووە وە لەلایەکی تریشەوە دەقە ئەدەبییەکە پارچەیەکی نووسراوی زیندووەو هەست و سۆز و خەیاڵ و بیری تێدایە و ئاساییە ڕەخنەگر هەست بەم لایەنە زیندووانەی دەقەکە بکات و کاری تێبکەن و ئەویش وەک کاردانەوەیەک کاریگەرییەکەیان پیشان بدات.

بەڵام مەترسی ئەم جۆرە ڕەخنەیە لەوە دایە کە ڕەخنەگر زیاد لە پێویست هەندێ لایەن بەرز بکاتەوەو نرخ و بایەخێکی لەخۆ گەورەتری بداتێ وەیان بەپێچەوانەوە زیاد لە پێویست دەقەکە نزم بکاتەوە. جا لەژێر هەر هۆکارێکدا بێت لەو هۆکارانەی

راستی تێدا وون دەبێت و جوانی تیادا بەناشیرین وەیان ناشیرینی تیادا بەجوان پیشان دەدرێت. دیارە ئەو هۆکارانەش زۆرن هەر بۆ نموونە لەوانە: هۆکاری دەروونی یان سیاسی یان ئایدۆلۆژی یان هەڵچوونێکی ساتەوەختی یان هۆی شەخسی یان ...تد. لەژێر کاریگەری هەر هۆیەک لەم هۆیانە رەخنە دەکەوێتە مەترسی ئەوەی لەرێرەوی راستەقینەی خۆی لا بدات و رەخنەگر لەناو کارە رەخنەییەکەیدا راستییەکان ئاوە زووبکاتەوەو وێنەیەک دروست بکات پەیوەندی بە دەقەکە خۆیەوە نییە، بەڵکو لە دروستکردنی خودی رەخنەگرە لەساتە وەختی رەخنەگرتنی لەدەقەکە کە زۆرجار بەلاچوونی فشاری ئەو هۆکارەی رەخنەکەی پێ ئەنجام داوە جۆری رەخنەگرتنەکەی دەگۆڕێت.

هەرچی لایەنی چاکی رەخنەی بابەتییە ئەوەیە ناهێڵێ ئەو هۆکارە تایبەتییانەی لەرەخنەی خودیدا کاریان دەکرد لە رەخنەی بابەتیدا کاربکەن. هەربەپێی ئەمەش رەخنەی بابەتی رێگا دەگرێت لە رەخنەگر هەستی تایبەتی خۆی بکاتە تاکە پێوەرێک بۆ ئەنجامدانی کارە رەخنەییەکەی، بەڵکو وای لێدەکات لەو هۆکارە بابەتییانە بکۆڵێتەوە کەلایەنی داهێنانی دەقەکە دیاردەکات.

بەڵام دیسان ئەمە مانای ئەوە نییە کە رەخنەی بابەتی لەکەم و کوڕی بەدەرە، بەڵکو ئەم جۆرە رەخنەیەش کەم وکورتی خۆی هەیە، یەکێک لەدیارترین ئەو کەم و کورتییانە ئەوەیە کە رەخنەگر زۆرجار وەک کەرەستەیەکی ووشک و بێ گیان و لە دەرەوەی خۆی کارە رەخنەییەکەی ئەنجام دەدات و بەناوی رەچاوکردنی لایەنی بابەتی تەواو خۆی لەدەقەکە بەدوور دەگرێت و وەک زانایەک چۆن لەتاقیگەدا مامەڵە لەگەڵ ئەو کەرەستەیە دەکات کە تاقیکردنەوە زانستییەکانی لەسەر دەکات، رەخنەگر دێتە ئەم شوێنە و بەهەمان شێوە وەک ئەو زانایە کارەکەی ئەنجام دەدات. لەکاتێکدا

هەموومان دەزانین پێکهاتەی دەقی ئەدەبی سروشتێکی دیاریکراوی هەیە و دەقێکی زیندووە و هەستکردن بەو لایەنە زیندووەش لەلایەن رەخنەگر کارێکی سروشتییە کەچی رەخنەگر بەبیانووی لەبەرچاوگرتنی لایەنی بابەتی ئەم لایەنە زیندووەی خۆی و ئەو لایەنە زیندووەی دەقەکە فەرامۆش دەکات  و دوور لە خۆی و وەک کەرەستەیەکی بێ گیان مامەڵە لەگەڵ دەقەکە دەکات و لەم حاڵەتەدا رەخنەکەی شتێکی ووشک و بێتام دەردەچێت و زیاتر بریتی دەبێت لە پرۆسەیەکی میکانیکی و پێک دێت لە هەڵهێنجانی چەند سەرنج و تێبینیەک، چونکە رێگا دەگرێت لەوەی رەخنەکەی بەشێوەیەکی سروشتی و ئاسایی تێکەڵ بە چێژ و زەوقی تایبەتی خۆی بێت.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گرنگترین و دیارترین کەم وکوری هەریەک لەرەخنەی خودی و رەخنەی بابەتی لەزێدەرۆیی هەردووکیان دایە واتە رەخنەگر نە دەبێ بەتەواوی خودی بێت و تەنها پشت بەهەستە تایبەتییەکانی خۆی ببەستێت و نە دەشبێ بەتەواوی بابەتی بێت و تەنها پشت بەپێوەرە دەرەکییەکان ببەستێت و خۆی بەتەواوی لە دەقەکە بەدوور بگرێت و وەک کەرەستەیەک لەدەرەوەی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵکو هەوڵبدات سوود لەلایەنە چاکەکانی هەردوو جۆری رەخنەکە وەربگرێت و چێژ و زەوقی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت و گیانی لایەنی بابەتی لەبەرچاو بگرێت و لایەنە زیندووەکانی پێکهاتە سروشتییەکەی خۆی و دەقەکە لە پرۆسەی رەخنەگرتندا لەبەرچاو بگرێت و هەموو ئەم لایەنانە ئاوێتەی یەکتر بکات و بیانکاتە بناغەی ئەنجامدانی پرۆسەی رەخنەگرتنەکەی.

ئەگەر ئێستا بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای هەوڵەکانیان بۆ پێناسەکردنی رەخنە و سەرنج بدەینە سروشتی ئەم کارەو ئەو ئەنجامەی لەم هەوڵانەمان بوویەوە بۆمان دەردەکەوێ

پێناسەکردنی رەخنە کارێکی چەند ئاڵۆزە و بەشێک لەو ئاڵۆزییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر پێناسەیەک پشت بەچەند بنەمایەک دەبەستێت و ئەو بنەمایانە لەچوارچێوەی هەر قۆناغێکی مێژووییدا بەستراونەتەوە بەسروشتی پێکهاتنی ئەو قۆناغە و جۆری ئەو تێڕوانین و بۆچوونانەی لەهەر سەردەمێک لەچوارچێوەی زرووفێکی دیاریکراودا دروست دەبن و دەبنە هۆی ئەوەی بەپێی جیاوازی ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەی لەبارەی رەخنەوە دروست دەبن پێناسەی جیاواز بۆ رەخنە بکرێ.

بەڵام دەشبێ لێرەدا ئەوە بڵێین کە نەبوونی پێناسەیەکی دیاریکراو و بوونی چەندین پێناسەی جیاواز مانای ئەوە نییە ئەو پێناسانە راست نین، بەڵکو هەر پێناسەیەک لەو پێناسانە سەرباری جیاوازییان هەڵگری بەشێک لەراستین لەبارەی دیارکردنی ماهیەتی رەخنەکە، بۆیە هەرچییەک بکەین لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی پێناسەکردنی رەخنە بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

## پەیوەندی رەخنە بە زانست

ئەگەر پرسیار بخەینە سەر ئەو پەیوەندییەی لەنێوان رەخنە و زانست دا هەیە دەبینین لە دیوێکی ئەم پەیوەندییەدا بەپێی ئەو شتە هاوبەشانەی لەنێوانیاندا هەیە. رەخنە لە زانست نزیک دەبێتەوە، بەڵام لە دیوێکی تری هەمان ئەم پەیوەندییەدا بەپێی ئەو شتە جیاوازانەی لەنێوانیاندا هەیە رەخنە لە زانست دوور دەکەوێتەوەو لەشتێکی تر نزیک دەبێتەوە ئەویش هونەرە.

جا بۆ ئەوەی لەسروشتی ئەو پەیوەندییە بگەین و بزانین چۆن رەخنە لەناو ئەو پەیوەندییەدا ئیش دەکات و چ ئەنجامێکی لێ دەبێتەوە، پێویستە بزانین هەریەک لەزانست و هونەر چین و لەکوێ دەکەونە ناو پەیوەندییەوە لەگەڵ رەخنەدا.

زانست بەو شێوەیە باس لە واقیع دەکات کە هەیە، بەڵام هونەر بەو شێوەیەی باس دەکات کە دەیەوێ پیشانمانی بدات، چونکە زانا مەبەستی لە قسەکردن لەسەر شتەکان گەیاندنی راستییەکانە وەک خۆیان بەبێ دەستکاریکردن، بەڵام هونەرمەند لەبەر ئەوەی شتەکان تێکەڵ بەخۆی دەکات و تێکهەڵکێشی هەست و سۆز و خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی دەکات بۆیە ئەوەی دەگاتە لای ئێمە شتەکە خۆی نییە، بەڵکو وێنەیەکی تری ئەو شتەیە دوای ئەوەی دەچێتە ناو هونەرمەندەکە و جارێکی تر لەدایک بوونێکی تر بەخۆیەوە دەبینێ و ئەوەی دوای دووبارە لەدایکبوونەوە پێمان دەگات ئەو وێنەیەیە کە لە زەینی هونەرمەندەکە دایە نەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە، بۆیە لە هونەردا شتەکان دوای دەستکاریکردن و گۆڕان جارێکی تر شتێکی تریان لێبەرهەم دەهێنرێتەوە و وەک خۆی ناگات بەئێمە. هەر بۆ نموونە کاتێک هونەرمەندێک و زانایەک باسی گوڵێک دەکەن، گوڵ بۆ زاناکە کەرەستەیە کە لە دەرەوەی خودی خۆی دیارە زاناکە کۆمەڵێک زانیاریمان لەبارەی گوڵەکە پێدەڵێ، کە پەیوەندییان بە گوڵەکە خۆی هەیە وەک توخمەکانی دروستبوونی گوڵەکە و قۆناغەکانی گەشەسەندن و هۆیەکانی سیس بوون و ...تد. بەڵام کاتێک هونەرمەند باسی گوڵەکە دەکات لە ڕاستیدا باسی گوڵەکە ناکات، بەڵکو گوڵەکە دەکاتە هۆیەک بۆ باسکردنی شتێکی تر کە لەناو خۆیدا هەیە وەیان بەمانایەکی تر دەکرێ بڵێین هونەرمەند کاتێک باسی ئەو گوڵە دەکات ئەوا بەپێی تەماشاکردن و هەستکردنی تایبەتی خۆی. لە ڕێگای خەیاڵ و بیرکردنەوە و هەست و سۆز و حاڵەتە دەروونییەکەی ئەو شتەمان پێی دەڵێ: کە گوڵ لای دروست کردووە.

هەروەها بۆ زیاتر دیارکردنی ئەو جیاوازییەی لەنێوان هونەر و زانستدا هەیە دەکرێ ئەو مەبەستەش دیاربکەین کە هەریەکەیان لە کارەکانیاندا مەبەستیانە کە دیارە مەبەستی زانست زیاتر بەلای سوود گەیاندندا دەشکێتەوە لە کاتێکدا هونەر زیاترمەبەستی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر شتێکدا بەپلەی یەکەم و ڕوژاندنی هەستی جوانکارییە بێ ئەوە ئەو ڕاستیە گرنگە فەراموش بکەین کە ئەو لایەنە جوانکارییە بەتەواوی لە مەبەستی سوود نەگەیاندن دابڕێت و خۆی لە جوانکارییەکی ڕووتی هونەری دا گەمارۆ بدات.

ئینجا بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی ڕەخنە بە زانست دەبەستێتەوە پێویستە جۆرەکانی زانست دیاربکەین و باسی ئەو جۆرە زانستە بکەین کە ڕەخنە لێی نزیک دەبێتەوە و تەنانەت بەپێی هەندێ بیروڕا دەچێتە ناویشیەوە.

دوو جۆرە زانست هەیە: زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان. ئەم دوو زانستە جیاوازییەکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە. جارێ بەر لە هەموو شت کەرەستەی زانستە سروشتییەکان ئەو کەرەستانەن کە توخمە سروشتییەکان و دیاردە سروشتییەکان و چەندین ماددەی وەک ئێسقان و ڕووەک و بەرد و...تد دەگرێتەوە. هەر زانایەک کاتێک ئیش لەسەر ئەم کەرەستانە دەکات لە هەموو لایەنەکانی ئەو کەرەستەیە دەکۆڵێتەوە و یەک ئەنجام دەداتە دەست بەدەگمەن نەبێ ئەو ئەنجامە ناگۆڕێت و بەشێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنێک لەنێوان زاناکان لەسەر ئەو ئەنجامە دروست دەبێت، وەک زانستی کیمیا، فیزیا، ماتماتیک، بایۆلۆجی، جیۆلۆجی...تد.

بەڵام زانستە مرۆڤایەتییەکان کەرەستەکانیان چالاکییە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤە، ئەو چالاکییانەش کەباسی دیاردە جۆربەجۆرەکان دەکەن لە شوێنی خۆیاندا چەندین لایەنی جۆربەجۆریان هەیە هەر زانستێکیش لەو زانستانە باسی لایەنێکی دیاردەکە دەکەن،

نەک هەموو لایەنەکانی ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە سروشتی ئەو کەرەستەیە کە ناوەڕۆکی زانستەکەش پێک دەهێنێت بەردەوام لە گۆڕان دایە، چونکە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ هەمیشە ئەنجام دەدرێن و ناوەستن بۆیە لە چوارچێوەی هەر قۆناغێکدا و بەپێی جیاوازی بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەر دادێ بۆیە ئەو ئەنجامەی زانایەکی مرۆڤایەتی لە بوارێک لە بوارەکان پێی دەگات ئەنجامێکی یەکجارەکی نییە، بەڵکو دەگۆڕێت وەک فەلسەفە، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، مێژوو، زمانەوانی...تد.

ئینجا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو پەیوەندییەی لەنێوان رەخنە و زانستدا هەیە دەبینین کەرەستەی رەخنە دەقە ئەدەبییەکانە، ئەو دەقانە پێکهاتەیەکی دیاریکراویان هەیە و بەرهەمی داهێنانی بەرهەم هێنەکەیە (شاعیر، چیرۆکنووس، شانۆ نووس...تد)، کە دەکەوێتە ناو چەند پەیوەندییەکی ئاڵۆز و بەناو یەکداچوو و لە ئەنجامدا ئەو دەقە لەدایک دەبێ، کە دەبێتە کەرەستەی رەخنە، جا رەخنەگریش کەسێکە پاشخانێکی رۆشنبیری و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و، کاتێک دەکەوێتە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکە ئەویش لە شوێنی خۆیدا لەناو چەند پەیوەندییەک دایە، کە ئەمەش لەلایەکەوە سروشتی کەرەستەی رەخنە و لەلایەکی تریشەوە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستەکە دیاردەکات، کە دیارە ئەمەش پێش هەمووشت ئەوەمان پێدەڵێ، کە رەخنە لەگەڵ بەرهەمێکی بەرهەمهێنراو (دەقی ئەدەبی) مامەڵە دەکات و لەم رێگایەوە پرۆسە رەخنەییەکەی بەئەنجام دەگەیەنێت نەک وەک شاعیر یا چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ دەقەکانیان بەرهەم دەهێنن، ئەگەرچی لەبواری تیۆریدا خۆی بەرهەمهێنی یەکەمە.

کەواتە رەخنە هونەرێکی رووت نییە، ئینجا ئەگەر زانایەک کاتێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات، رەخنەگر ناتوانێت تەواو خۆی بەدوور بگرێت لەو کەرەستەیەی دەکەوێتە

مامەڵەکردن لەگەڵیدا، بەڵکو کەرەستەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری لەسەر هەیە بۆیە شتێکی خۆی تێکەڵ بەکارە رەخنەییەکەی دەبێت. بەڵام سەرباری ئەمەش دەکرێ بگوترێ رەخنە شتێکی زانستی تێدایە کاتێک لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا ئەو دەستوور و رێسا و پەیڕەوانە دەدۆزێتەوە کە لە دەقەکانەوە سەرچاوە دەگرن کە بەپلەی یەکەم بۆ رێکخستنی ئەدەبیات و لە چوارچێوە گرتنیەتی کە دیارە زاناکانیش کاتێک یاسایەک دەدۆزنەوە مەبەستی یەکەمیان لە چوارچێوەگرتنی کۆی ئەو حاڵەتانەیە کە دیاردەیەک لە دیاردەکان دروست دەکەن و یاساکانیان لێ دادەرێژن.

کەواتە رەخنە نە هونەرێکی رووت و نە زانستێکی رووتە، بەڵکو بەپێی ئەوەی چالاکییەکە لەو چالاکییانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات و رووداوەکانە دۆزینەوەی پەیڕەو و ڕێساکان لێرەدا سوود لە شتێکی زانست وەردەگرێ و شتێکی هاوبەش لە نێوانیاندا دەبینرێ کەخۆی لەجۆرە نزیکبوونەوەیەکدا دەنوێنێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جۆرێک لە هونەر دەنوێنێت و چێژ و زەوق و سەلیقەی رەخنەگر کە تێکەڵ بەئیشکردنی دەبێت لەزانستی دووردەخاتەوەو لەشتێکی تری نزیک دەخاتەوە کە هونەرە.

## چەند هەوڵێکی سەرەتایی رەخنە لای یۆنانییەکان

سەرەتای پەیدابوونی رەخنە لای یۆنانییەکان لەچەند هەوڵێکی سادە پێکهاتبوو، یەکێک لە کۆنترین ئەو هەوڵانە ئەو پێشبرکێیانە بوو، لە حوکمەتی ئەسینا لە جەژن و بۆنە ئاینییەکاندا سازی دەدا (١٠) کەس ئەندامی پێشبرکێیەکە بوون بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکان کە لەڕێگای پشک راکێشانەوە بوو، خەڵاتەکەش لەسەر دەنگدانی پێنج لەو (دە) ئەندامە دەدرایە شاعیر و ئەکتەرەکان، بەڵام هەڵبژاردنەکە خۆی بەمەرجە زانستیەکان نەدەبەستەوە بۆیە کەموکوڕییەکی زۆری تێدابوو. بەر لە هەمووشت

یەکێک لە کەموکورییەکان ئەوە بوو پشتی بەپشک راکێشان (اقتراع)ەوە دەبەست، هەروەها هات و هاوار و حەماسەتی جەماوەر کاری خۆیان هەبوو لەسەر ئەندامەکانی پێشبرکێیەکە، جگەلەوەی زۆرجار بەرتیل و خزم و ناسیاوی کاری خۆی دەکرد بۆ پەسەندکردنی بەرهەمێک بەسەر بەرهەمێکی تر بێ ئەوەی ئەم پەسەندکردنە هیچ پەیوەندییەکی بەلایەنی هونەری یان بەپێزی ناوەرۆکی بابەتەکەوە بێت. بۆیە ئەو جۆرە حوکمانە بایەخێکی زانستی ئەوتۆیان لە مێژووی رەخنەدا نەبوو. لای یۆنانییەکان یەکەم هەوڵی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیر و شانۆنووسی یۆنانی (ئەرستۆ فانتس ٤٤٨-٣٨٠ پ.ز) لە شانۆگەری (بۆقەکان). بابەتی سەرەکی ئەم شانۆگەرییە گاڵتە پێکردنی نووسەرە بە شاعیری گەورەی یۆنان (یوربیدس). لەم شانۆگەریەدا ئەرستۆفانتس باسی گەشتی (دیۆنیسیۆس) بۆ (هادیس – قیامەت) دەکات، بۆ گەڕانەوەی (یۆربیدس) بۆ ژیان دوای مردنی جا لەکاتی پەڕینەوەیان کۆرسێک لە بۆقەکان بەهۆی گۆرانیەوە دەیان پەڕێنەوە لەو دونیادا موحازەرە و گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەنێوان هەردوو شاعیری یۆنانی (یوربیدس) و (ئەسکیلیۆس) دروست دەبێ. لەو گفتوگۆیانەدا ئەرستۆفانتس بەسەر شانۆگەرییەکانی (ئەسکیلیۆس)دا هەڵدەڵێت و ستایشیان دەکات، چونکە داوای چاکە دەکات و لایەنی چاکی ئایین دیار دەکات لە کاتێکدا هێرشێکی توند دەکاتە سەر بەرهەمەکانی (یوربیدس) بەهۆی ئەوەی لەبیروراکانی ئایین و رەوشتە ئاساییەکەی یۆنانییەکان لای داوە و کەموکوڕی خواوەندەکانی پیشان داوە و بەمەش لە پیرۆزییانی داوە و پلە و پاییەیانی دابەزاندووە. شانۆگەرییەکەش بەسەرکەوتنی (ئەسکیلیۆس) و رازی بوونی (دیۆنیسیۆس)، کە ئەسکیلیۆس باشترە بۆیە دەستی دەگرێت و دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر زەوی بۆ ئەوەی بە هۆی شانۆگەرییەکانەوە رێنمایی ئەسینییەکان بکات. یەکێک لەلایەنە گرنگەکانی ئەم بەرهەمەی ئەرستۆفانتس ئەوەیە کە پەیامی شیعر پەیامێکی

ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییە بۆیە پێویستە مەبەستی شیعر ببەسترێتەوە بەگیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنە رەوشتییەکان و باسە ئاینییەکان.

هەروەها لە کۆنترین بەرهەمی یۆنانییەکان کە هەردوو داستانی (ئەلیادە) و (ئۆدیسا)ی (هۆمیرۆس)ە، یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە لەو بەرهەمەدا جەختی لەسەر کراوە ئەوەیە بەلای هۆمیرۆسەوە ئامانجی شیعر ئەو خۆشییە کە جۆرە ئەفسوونێک دروستی دەکات.

پاش ئەلیادە و ئۆدیسا کۆنترین بەرهەم دەگەڕێتەوە بۆ (هسیۆد)، کە کۆنترین شاعیری فیرکردنە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە قەسیدەی (کارو رۆژگار)ە، کە مەبەستێکی پەروەردەیی هەیە و ئەو ئامۆژگارییە پێشکەش بە مرۆڤ دەکات کە پێویستە بەردەوام لە هەوڵ و کۆشش و کارکردن دابن ئەمەش هەر لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکەدا دەبینرێن کاتێک باسی (پرۆمیسیۆس) دەکات، کاتێک ئاگر بە مرۆڤ دەبەخشێ و خواوەند لێی توڕەدەبێ و توڕەییەکەی بەسەر مرۆڤدا هەڵدەرێژێت و تووشی بارێکی سەخت و ناخۆشی دەکات و ئەو مرۆڤە ناچار دەکات بیر لەوە بکاتەوە لەرێگای کارکردنەوە وەزعی خۆی بگۆڕێت و چاکتر بکات.

جا هەر لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەرک و پەیامی شیعر لای هسیۆد فێرکردن یان راگەیاندنی پەیامێکی رەوشتی یان ئاسمانییە.

## ڕەخنەی مەنهی

- **سوکرات (٤٦٩-٣٩٩ پ.ز)**

لەلایەن سوکراتەوە بەڵگەنامەیەکی ڕەخنەییمان بۆ ماوەتەوە لە مێژووی ڕەخنەدا گرنگیەکی زۆری هەیە بە هۆی لا کردنەوەی لە مەسەلەیەکی گرنگی ڕەخنەیی ئەویش باسکردنی سەرچاوەی شیعر و ئەو دەسەڵاتەیە کە شاعیر هەیەتی. ئەو بەڵگە نامەیەش لە دادگایی کردنەکەی سوکراتەوە بۆمان ماوەتەوە.

جا بەر لەوەی باسی ئەو بەڵگە نامەیە بکەین پێویستە بزانین بۆچی سوکرات دادگایی کراوە و فەلسەفەی چی بووە و ئەو ژیانە تایبەتییەی تێیدا ژیاوە چۆن بووە و چ پەیوەندییەکی بەو شتانەوە هەبووە، کە بوونەتە بابەتی باسکردن و لێدوانەکانی سوکرات. وەک کەسێکی سادەی کۆمەڵگاکەی دەژیا و باوکی دارتاش بووە و خۆشی لە سەرەتای ژیانیدا دارتاشی کردووەو دایکیشی مامان بووە. سوکرات لەگەڵ خەتیب و شاعیر و سیاسییەکان و پیاوە ئاینییەکان و سۆفستائییەکان گفتوگۆ و موجادەلەی کردووە و لە ئەنجامدا کەوتووتە ململانێ و کێشەیەکی توند لەگەڵ ئەمانەدا، وە بۆ دەربڕینی بیروراکانی پشتی بە گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام دەبەست و لەم ڕێگایەوە هەوڵی دەدا کار لە خەڵکەکە بکات و ڕێگای ڕاستیان پیشان بدات و زیاتریش گرنگی بەلاوەکان دەدا، چونکە بە بەردی بناغەی بنیاتنانی کۆمەڵگای داهاتووی یۆنانی دادەنا.

سوکرات بەوە تاوانبار دەکرێ کە خواوەندە ڕەسمیەکانی یۆنان ڕەت دەکاتەوە و داوای خوایەکی تر دەکات و بەمە مێشکی لاوەکان تێک دەدات و لە دەسەڵاتیان ڕاست دەکاتەوە، بۆیە دادگایی دەکرێت و حوکمی ژەهر خواردنەوەی لەسەر

دەدرێت. کەواتە پوختەی فەلسەفەی سوکرات لەو گوتەیە دایە، کە دەڵێ: (خوت بناسە). ئەگەرچی هەندێ سەرچاوە دەڵێن سوکرات ئەم گوتەیەی لەسەر دیواری یەکێک لە پەرستگاکاندا بینیوە و وەری گرتووە، بەڵام هەندێ سەرچاوەش هەیە دەڵێ سوکرات خۆی خاوەنی ئەم گوتەیەیە بە هەر حاڵ گرنگ ئەوە نییە بزانین هی سوکراتە یان نا گرنگ ئەوەیە بزانین مەبەستی سوکرات لەم گوتەیە چییە. بابزانین چی دەڵێ:- ئادەمیزاد تا ئێستا خۆی نەناسیوە و هەوڵی نەداوە خۆی بناسێ، بەڵکو هەر خەریکی دونیای دەرەوە و دەورووبەری خۆی بووە. پێویستە لە خۆیەوە دەست پێبکات، خۆی باش بناسێ ئینجا هەوڵی ناسینی دەرەوە بدات. دەبێ لەمەولا فەلسەفە لەسەر بناغەی بنەڕەتی خۆ ناسین دابمەزرێ، واتە فەلسەفە دەبێ لە مرۆڤەوە دەست پێبکات. مرۆڤایەتی بێت و بایەخ بەلایەنی رەوشتی بدات.

سوکرات رەخنە بە چەشنێکی تایبەتی کاری ئەدەبی دادەنێت و دوو توانا دیاردەکات و لەیەکتریان جیا دەکاتەوە توانایەکیان پەیوەندی بە شیعر دانانەوە هەیە و توانایەکیشیان پەیوەندی بە رەخنە گرتنەوە هەیە.

سوکرات باسی سەرنجەکانی خۆی دەربارەی ئەو کەسانە دەکات کە بەحیکمەت و ژیری بەناوبانگن، بە قازییەکانی گووت: (گەورەکانم زۆر شەرمەزارم کە بە ناچاری قسەی ڕاستیتان بۆ بگێرمەوە، من بە ووردی شیعرەکانیانم خوێندەوە، لە هەریەکەیانم پرسی مەبەستی لەم شیعرانە چییە، کەسیان نەیانتوانی وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەنەوە.

لە کۆڕێکدا کە زۆر لەو کەسانەی تێدابوو کە ئەوانیان خۆش دەویست و حەزیان لە شیعرەکانیان دەکرد یەکمان گرت، هەرچی لەوێ بوو لە شاعیرەکان خۆیان زیاتر توانای باسکردنی ئەو شیعرانەی هەبووە.

سوکرات بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

کەواتە شاعیران لەم رووەوە لەو پێغەمبەرو کاهینانە جیاناکرێنەوە کە بێ ئەوەی بزانن چی دەڵێن قسەی چاک دەکەن. دیارە سوکرات لەم قسانەی دا وویستوویەتی ئەوە بڵێ: کە شاعیران تاقی کردۆتەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو شاعیرانە چەند لە حیکمەت دا بەشدارن ئەمە لەلایەک، وە لەلایەکی تریشەوە وویستوویەتی ئەوە بڵێ توانای شیعر دانان جیایە لە توانای باسکردن و قسەکردن لەسەر شیعر کە دەچێتە خانەی رەخنەگرتن ئینجا خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە ئەوەیە کاتێک دەس نیشانی سەرچاوەی شیعر دەکات، شاعیر بەبوونەوەرێکی بێ دەسەڵات لە قەڵەم دەدات و هەموو توانا و دەسەڵاتێکی لێ دەسێنێتەوە کاتێک سەرچاوەی شیعر دەباتە دەرەوەی شاعیر.

- **ئەفلاتوون**

ئەگەر بەو ڕایە بێینە پێشەوە لەبارەی هەڵویستەکەی ئەفلاتوون بەرامبەر بە شاعیران کە هەڵوێستێکی توند و دژ بە شاعیران بووە، پێویستە بۆ تێگەیشتن لەو هەڵوێستە لەچەند رووێکەوە لێی بکۆڵینەوە، چ لە رووی ژیانی تایبەتی ئەفلاتوونەوە بێ یا لە رووی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رەوشتییەوە بێ کە لە سەردەمی ئەفلاتوون دا هەبوو، وەیان لە رووی بیروڕا فەلسەفیەکانیەوە بێ لەچوار چێوەی هەردوو تیۆری (زانین) و (رەوشت)دا.

ئەفلاتوون لە سەردەمێکدا دەژیا کە دەوڵەتی شار تیایدا بەرەو هەرەسهێنان دەچوو، وە لە هەڕەتی لاویدا بوو کە ئەسینا بە دەست ئیسپارتییەکان نشووستی هێنا. ئەفلاتوون

خۆی لە شاری ئەسینا لە دایک بووە و سەر بە خێزانێکی دەوڵەمەندە و خانەدان و ئۆرۆستۆکراتی بوو و لە باشترین قوتابخانەکانی سەردەمی خۆیدا خوێندوویەتی.

ئەفلاتوون کە سەر بە چینی ئۆرۆستۆکراتی بوو، ئەو چینە چ وەک بیر و چ وەک بەرژەوەندی تایبەتی چینایەتی لەگەڵ دیموکراسییەکاندا نەدەگونجا و هەمیشە لەگەڵ یەکدا لەکێشە دابوون پارتی و ئۆرۆستۆکراتی دوای سەرکەوتنی ئیسپارتە بەسەر ئەسینا هاتە سەر حوکم و بەشێک لە خزم و کەس و کارەکانی ئەفلاتوون لەناو ئەو پارتە دابوون، ئەو پارتە دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست بەشێوەیەکی خراپ ئەو دەسەڵاتەی بەکارهێنا و خوێنێکی زۆریان ڕشت سیاسەتیان خراپبوو، بۆیە کاتێک داوایان لە ئەفلاتوون کرد بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت دا بکات، داواکەیانی ڕەتکردەوە دوای ماوەیەک حوکمەتێکی دیموکراسی دامەزراو ئەو حوکمەتە حوکمەتەکەی پێش خۆی لەناو بردوو چەند خزمێکی ئەفلاتوونیشی تێدابوو، کە دیارە ئەمە ئەفلاتوونی دڵگران کرد، بەڵام ئەوەی زیاتر کاری تێکردوو و وای لێکرد رقی لە دیموکراسیەکان بێتەوە ئەوە بوو کە یەکێک لەوانەی سوکراتیان بە کوشتن دا لەناو سێ کەسەکە سیاسییەکی دیموکراسی تێدابوو. کەواتە ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئەفلاتوون لە چوار چێوەی بارودۆخێکی ئاڵۆزی پڕ لە ڕووداوی سیاسی و گیرگرفتی کۆمەڵایەتی گەورەدا دەژیا.

ڕووداوێکی تر لەو ڕووداوە گەورانەی کارێکی زۆری لی ئەفلاتوون کرد ئەزموونی ئەسینا و ئیسپارتە بوو.

ئەسینا لەسەردەمی پێنجەمی پێش زاینی بووە، شارێکی گەورە کە هەموو بنەماکانی دەوڵەتی تێدا دەبینرا، هەر بۆ نموونە ژیانی مەدەنیەت و شارستانیەت شوێنی ژیانی خێڵایەتی گرتەوە و ژیانی ئابووری بوژایەوە و لە سروشتی ژیانی ڕاو و کشتوکاڵی

سەرەتایی بەرەو ئەوە چووە بەرە بەرە بزوتنەوەی بازرگانی دەستی بەسەر ژیانیاندا بکێشێ و پیشەسازی سەرەتایی وەتایبەتی پیشە دەستییەکان پەیدابوون و ڕۆڵی خۆیان هەبوو لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئەسینا.

لەرووی ئەدەبی و هونەرییەوە پێشکەوتنێکی دیاری بەخۆیەوە بینی کە ئەمەش لەو داهێنانە هونەری و ئەدەبیانەدا دەبینرێت کە لە بوارەکانی هونەری بیناسازی و شیعر و دراما رەنگی دەدایەوە و پێش هەمووشیان لە بواری فیکری و فەلسەفەیدا، هەروەها ئەو رژێمە دیوکراسیەی کە لەو سەردەمەدا هەبوو ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو، بۆیە دەکرێ بڵێین لە ئەسینادا گیانی شارستانیەت بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا زاڵ بوو، بەڵام بەرامبەر بەمە لایەنی سوپای لاواز بوو و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدەدرا. لە کاتێکدا ئیسپارتەکە بە گوێرەی ئەسینا زۆر دواکەوتوو بوو، بەڵام لەرووی سوپاییەوە زۆر بەهێز بوو و هەموو بایەخێکی بەم لایەنە دەدا و هەمیشە خەڵکەکەی بۆ ئەوە پەروەردە دەکرد کە لە مەیدانی جەنگدا ئامادەبن.

هەرەسهێنانی ئەسینا بەرامبەر بە ئیسپارتە کارەساتێکی گەورە بوو بۆ ئەفلاتوون کە ئەوسا لە تەمەنی لاوی دابوو، ئەم رووداوە گەورەترین کاریگەری هەبوو لەسەر پێکهاتنی عەقڵیەتی ئەفلاتوون و وای لێکرد بیر لەوە بکاتەوە نەخشەیەک دابرێژێت بۆ دانانی رژێمێکی سیاسی بۆ فەرمانڕەواییووڵاتەکەی کە ئەمەش خۆی لە نووسینی (کۆمار)ەکەدا نواند.

یەکێک لە ئەنجامەکانی سەرکەوتنی ئیسپارتە بەسەر ئەسینا ئەوەبوو جۆری ئەو رژێمەی پەسەند کرد کە لە ئیسپارتە دا هەبوو، لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ

کەبەشێکی دیار لە خاسیەت و سروشتی ئەو رژێمەی لە ئیسپارتەدا هەبوو و پەیڕەو دەکرا لە کۆمارەکەی ئەفلاتووندا باسکراوە.

ئیسپارتە لە رووی فەلسەفە و رۆشنبیرییەوە زۆر دواکەوتوو بوو، بەڵام بەرامبەر بەمە لە رووی سووپاییەوە زۆر بەهێز بوو و یاسا و دەستووری زۆر توند و تیژیان بەکاردەهێنێت بۆ پەروەردەکردنی خەڵکەکەی و دەوڵەتیش خۆی سەرپەشتی ئەو پەروەردەکردنەی دەکرد ئەرکی سەرەکی دەوڵەتی رۆمانیەکان کاروباری جەنک و پەروەردەکردنی جەنگاوەرەکان بوو بەشێوەیەک هەموو کات ئامادەین بۆ داکۆکی کردن لە ووڵات.

جا ئەفلاتوون لەکاتێکدا سەرکەوتنی ئەم جۆرە رژێمەی بەچاوی خۆی بینی ئەمە وای لێکرد لەلایەکەوە ئەم جۆرە رژێمە پەسەند بکات وە لەلایەکی تریشەوە بەتەواوی باوەڕی بەو دیموکراسییە نەمێنێ کە لە ئەسینادا هەبوو.

ئەفلاتوون لە تەمەنی چڵ ساڵیدا لە نزیک باخی (ئەکادیمۆس) قوتابخانەیەکی کردووتەوە و دەرسی تێدا دەگوتەوە و لە دواییدا بە ئەکادیمیای ئەفلاتوون ناوبراوە. ئەفلاتوون لە تەمەنی هەشتاو یەک ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەفلاتوون کاریگەری بیرورا ئاینییەکانی رۆژهەڵاتی لەسەر بووە، هەر بۆ نموونە جۆرە بەیەکچوونێک دەبینرێت لەنێوان عەقیدەی (فیدانتا) و بیروراکانی ئەفلاتوون لەبارەی بوونەوە وەک لەو رایەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێ جیهانی بینراو هەڵخەڵەتاندن و فریودانە و جیهانی نەبینراو جیهانی راستەقینەیە.

وە لە شوێنێکی تریشەوە فەلسەفەی ئەفلاتوون لەسروشتی ئەو زانستە دەچێ کە شوێنی بایەخی ئەو بووە، ئەویش ماتماتیکە. ماتماتیکیەکان بوونی راستەقینەی

شتەکان نابینن تەنها وەک بیرێک (فکرە) نەبێ ئەو بیرە بوونی شتەکان دەست نیشان دەکات. بیر هەمیشە راستەقینەیە و حەقیقەتی موتلەقە. هەر بۆیەش ئەفلاتوون لە ڕوانگەی ئەو زانستەوە لە بیرەکانەوە بەرەو شتەکان دەچوو.

- **ئەفلاتوون و تیۆری زانین**

ئەفلاتوون بوون دەکات بەدوو بەشەوە: یەکەمیان بیری موجەرەد و نموونەی بەرزە و بەهۆی عەقڵی روونەوە دەزانرێت و چەسپاوە و بەهیچ شێوەیەک گۆڕانی بەسەر دانایەت. دووەمیشیان لە گۆڕان دایە و بەهۆی هەستەکانەوە کە لە گۆڕان دانە دەزانرێت.

جیهانی دووەم لاسایی کردنەوەی جیهانی یەکەمە و بەسێبەری بیرە موجەرەد و موتلەقەکە دادەنرێت. لە جیهانی یەکەمدا عەقڵ بە هیچ شێوەیەک پەنا ناباتە بەر هەستەکان، چونکە هەستەکان درۆزنن و دەگۆڕێن. بۆ روونکردنەوەی ئەم بیرە ئەفلاتوون نموونەی ئەشکەوتەکە دەهێنێتەوەو دەڵێت:- ئەگەر کۆمەڵە کەسێک هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە لە ئەشکەوتێکدا بەند کرابوون بەشێوەیەک توانای ئاوڕدانەوەیان نەبوو و تەنها پێش خۆیان ببینن، لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە رووناکییەک دێتە ژوورەوە. لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەش کۆمەڵە کەس و کۆمەڵە شتێک هەن، تیشکی رووناکییەکە وادەکات سێبەری ئەو کەسانە و ئەو شتانە لە دیواری ئەشکەوتەکە بدات و بەندکراوەکانی ناو ئەشکەوتەکە ئەو سێبەرانە ببینن. بەندکراوەکانی ناو ئەشکەوتەکە وا دەزانن ئەو سێبەرانە شتی ڕاستەقینەن، چونکە لەسەرەتای ژیانیانەوە لەگەڵیاندا راهاتوون و شتی تریان نەبینیوە و نەزانیوە. ناو ئەشکەوتەکە جیهانی هەست پێکراوە، بینینی سێبەرەکان زانینە لەرێگای هەستەکانەوە، خۆریش کە سەرچاوەی رووناکییەکەیە وەک شتێکی نەبینراو شتە

راستەقینەکەیە. سەرنجەکانی ئەفلاتوون لەسەر شاعیران لەسەر بناغەی دوو لقی سەرەکی لە فەلسەفە دامەزراوە ئەوانیش:-

١- تیۆری زانین (نظریةالمعرفة) ٢- تیۆری رەوشت(نظرية الاخلاق) .

**تیۆری زانین:-** بەپێی ئەم تیۆرە بەرای ئەفلاتوون هەموو شتێکی هەست پێکراو، واتە هەموو شتێک کە بەرێگای هەستەوە کە مرۆڤ لێی تێبگا، ئەمە وێنەیەکی هەڵەی بیری ئەو شتەیە کە تەنها بەرێگای عەقڵەوە مرۆڤ دەتوانێ لێی تێبگا. ئەفلاتوون ناوی ئەم وێنە هەڵانە دەنێت شتە تاکەکان وە ناوی شتە راستەقینەکان دەنێت شتە گشتییەکان.

کاتێک کە دێتە سەر شیعر و شاعیرەکان ئەفلاتوون بۆ ئەوە بیری دەچێت کە شاعیرەکان لەبەر ئەوەی لاسایی تەنها وجودە مادییەکە دەکەنەوە بۆیە لە ڕاستییەکان دووردەکەونەوە و واتە کارەکانیان تەنها لاساییکردنەوەی شتێکی لاسایی کراوەیە بۆ ئەمەش نموونەی کورسییەکە دەهێنێتەوە و دەڵێ کورسییەکی نموونەیی هەیە، واتە ئەو کورسییە راستەقینەیەی ئەو لە جیهانی ئایدیادا هەیە و ناگۆڕێت ئینجا کورسیەکیان هەیە دارتاش دروستی کردووە، کە لاساییەکی ناتەواوی کورسییە نموونەییەکەیە، کە شاعیریش باسی ئەو کورسییە دەکات لاسایی شتێکی لاسایی کراوە دەکات، بەمەش دووجار لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە، چونکە راستییەکان تەنها دەگووترێ لە جیهانی بیر دا هەنە و لە جیهانی مادی، وەیان جیهانی هەست پێکراو دانین.

ئەفلاتوون رای وایە کە شاعیر لاسایی شتە هەست پێکراوەکان دەکاتەوە، ئەو شتە هەست پێکراوانەش ڕەنگدانەوەی جیهانی (ئایدیا) بیری کە ڕەسەن و تەواون بەمە

شاعیران دووجار لەڕاستی دوور دەکەونەوە و سەرئەنجام هەستێکی درۆزن دروست دەکەن. بەم جۆرە ئەفلاتوون بڕیاری نارەسەنی بەسەر بەرهەمی شاعیران دەدات و شاعیرانیش بە درۆزن لە قەڵەم دەدات.

**تیۆری رەوشت:-** وەبەپێی ئەم تیۆرەش دیسان ئەفلاتوون هێرش دەکاتە سەر شاعیران و هەڵوێستێکی توندیان بەرامبەر وەردەگرێت و بۆ ئەوە دەچێت کە هەست و سۆز لایەنە خراپەکانن و دەبێ هەمیشە لەژێر دەسەڵات و ئیدارەی عەقڵ دابن. جا فەلسەفە جێگایەکی بەرزی هەیە، لەبەر ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ دەکات، بەڵام شیعر کاریگەری تەنها لەسەر هەست و سۆزە خراپەکانە و مامەڵە تەنها لەگەڵ ئەو لایەنە خراپەی مرۆڤ دەکات، بۆیە کارێکی خراپ دەکاتە سەر لاوەکان.

هەروەها رایەکی تر لەو رایانەی دەدرێتە پاڵ ئەفلاتوون ئەوەیە کە شیعر (ئیلهام)ی خواوەندەکانە، دەستی شاعیری تیدا نیە، چونکە شاعیر نازانێ چی دەڵێ، بەڵکو تەنها وەک نێوانێک وایە بۆ گواستنەوەی سببەکان و ئیتر لەمەبەو لاوە شاعیر هیچ ڕۆڵێکی تر ناگێرێت، کەواتە شاعیر بەبیرکردنەوە کارەکەی ئەنجام نادات بۆیە کارەکەی بایەخی نییە.

- **ئەرستۆ:-**

ئەرستۆ خەڵکی شاری ستاگیرایە و پزیشکبووە، یەکێک لە منداڵە دەوڵەمەندەکان لە شارەکەی خۆی دەست بە خوێندن دەکات و دەچێت بۆ ئەسینا بۆ خوێندن و زانست و زانیاری بەدوای ئەفلاتوون دەگەڕێ بۆ ئەوەی دەرسی لەلای بخوێنێ، ئەرستۆ کابرایەکی ئسپۆرت بووە و چوو بۆ لای ئەفلاتوون، ئەفلاتوون کە یەکەمجارە دەبینێ ئەوە خۆی جوان کردووە عەقڵی نایگرێ و پێیدەڵێ ئەوەندە گرنگی بە جل و بەرگت

دەدەی گرنگی بە عەقڵت بدە. کە دەبێتە قوتابی، ئەفلاتوون لێهاتوویی ئەرستۆی بۆ دەردەکەوێت و دەزانێت، کە ئەرستۆ چۆن گرنگی بەجلی داوە گرنگی بە عەقڵیشی دەدات و لە خوێندنەکەی لەلای بەردەوام دەبێ و دەبێتە زیرەکترین قوتابی، هەندێ جار لە شوێنی خۆی دەینێرێتە بۆ ئەوەی دەرس بڵێت.

دوای ئەوەی کە ئەفلاتوون دەڵێ ئەرستۆ خۆی بەباشترین کەس دەزانێت بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی ئەو ئەکادیمیایە، بەڵام ئەوانی دیکە رازی نین چونکە ئەرستۆ خەڵکی ئەسینا نەبووە، بۆیە ئەرستۆ زۆر دڵگیر دەبێ، بۆیە ئەرستۆ قبووڵ ناکات و شارەکە بەجێدەهێڵێ و چووە بۆ شارێکی دیکە لەلای برادەرێکی کە لە ئەکادیمیایەکە لەگەڵی بووە و لەوێ دەمێنێ تا ئەو کاتەی کە فیلیپی مەکدوونی کە باوکی ئەسکەندەرە و ناوبانگی ئەرستۆی بیستووە دێت و ئەرستۆ دەبات و دەیکاتە مامۆستای کورەکەی.

ئەسکەندەر کەسێکی سەرکەش و حەزی لە شەر و تیرو...تد بووە، بۆیە لەلای ئەرستۆ زۆر بەردەوام نابێ، تاکو فیلیپ دەمرێ و ئەسکەندەر لە شوێنی باوکی دادەنیشێ. ئەسکەندەر، ئەرستۆ دەکاتە بەرپرس.

لەو شوێنە کە ئەرستۆ دەبێتە مامۆستا، قوتابیەکی زۆری دەبێ و لەولایەش ئەسکەندەر زۆر شوێنی داگیرکردبوو و چەندین کەس دادەمەزرێنێت بۆ ئەوەی کە زانست و زانیاری بۆ ئەرستۆ بهێنن، زانیاری و زانستەکان بۆ ئەرستۆ دێت و ئەرستۆ بەس دادەنیشێت و رێکی دەخاتەوە و دەڵێن (٤٠٠) کتێبی دەبێ. کە هونەری شیعر و فن الخطابە نمونەی ئەوانەن ئەمە بووە هۆی سەرکەوتنی ئەرستۆ، دوایی ئەرستۆ ئەکادیمیایەکی خۆی بەجێدەهێڵێ و دەچێتە شارۆچکەی دیکە لەلای دایکی و دوایی هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات.

ئەرستۆ لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی ئەفلاتوون بۆچوونەکانی بونیادناوە، بەڵام بۆچوونی خۆی هەیە، واتە ئەرستۆ دژی ئەفلاتوون نەبووە. ئێستا یەکە یەکە باسیان دەکەین.

سەرچاوەی شیعر: شیعر لەلای ئەرستۆ لاساییکردنەوەیە، لەلای ئەفلاتوونیش هەر لاساییکردنەوەیە، بەڵام لە چەمکی لاساییکردنەوە لەیەکتر جیاواز بوون. چەمکی لاساییکردنەوە لەلای ئەرستۆ دەگەڕێتەوە سەر دوودیاردەکە لە سروشتی مرۆڤدا هەن:

**الف:** غەریزەی لاساییکردنەوە: کە مرۆڤ هەر لەسەرەتای لەدایک بوونی لەگەڵی دایە تا کۆتایی ژیانی.

**بێ:** چێژ وەرگرتن لەلاساییکردنەوە.

ئەرستۆ دەڵێ: ئێمە لەبەر ئەوە لاسایی دەکەینەوە تا شت فێرببینەوە واتا مرۆڤ بەلاساییکردنەوە شت فێر دەبێ و فێربوونی هەموو شتێکی تازە چێژت پێ دەگەیێنێ.

ئەرستۆ پێی وایە کە شاعیر یان هونەرمەند لاسایی کەسەکان ناکەنەوە بەڵکو لاسایی کردەوەی کەسایەتییەکان دەکەنەوە و کەسایەتییەکان بەپێی کردەوەکانیان یان باش یان خراپە و پێی وایە شاعیران بەپێی شێوە لاسایی کردەوەکان دەکەن.

**یەکەم:** لاسایی کردەوەکان باشتر لەخۆی: ئەمە شیعری تراژیدیای لێ دروست دەکات.

**دووەم:** لاسایی کردەوەکان وەکو خۆی: کە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی شیعری داستانی.

**سێیەم:** لاسایی کردەوەکان خراپتر لەخۆی: کە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی شیعری کۆمیدیا بەڕای ئەرستۆ باشترین جۆر تراژیدیا و خراپترین کۆمیدیا، چونکە

**یەکەم:** تراژیدیا لاسایی کردنەوەی کردەوەکانە باشتر لەخۆی.

**دووەم:** داستان لاسایی کردەوەکانە وەکو خۆی.

**سێیەم:** کۆمیدیاین لاسایی کردنەوەی کردەوەکانە کەمتر لە خۆی.

رەخنە و داهێنان

- رەخنە و داهێنان:
- قەرانی رەخنە:
- میتۆدی رەخنە کۆمەڵایەتی:
- میتۆدی رەخنە مێژوویی:
- میتۆدی رەخنە دەروونی:

- میتۆدی رەخنە فۆرمالیستەکان/فۆڕمخوازەکان: